ناوچە جێناکۆکەکان :

کورد قوربانیەکی بەردەوام

(خانەقین - سەعدیە جەلەولا وەک نمونە)

راثۆرتی تایبەتی

ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ(KIHR)

لەسەر رەوشی **ناوضة جێناکۆکەکانی** هەرێمی کوردستان – عێراق

سێپتەمبەری ٢٠١١

ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە :

١) پێشەکی

٢) روپێوێکی واقعی ناوچەکە

٣) کێشە سەرەکیەکانی ناوچە دابڕاوەکان

٤) هۆکارەکان ..... و دەرەنجامی کێشەکان

٥) راسپاردە بۆ چارەسەر

ناوچە جێناکۆکەکان : کورد قوربانیەکی بەردەوام

- ثێَشةکی

کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان کێشەیەکی فرە رەهەندی سیاسی یاساییە .لەبنەرەتدا جەوهەری پرسی خەڵك و خاکی کوردستانە .کە ناوچەیەکی بەرفراوان لە سنووری پارێزگاکانی : کەرکوك دیالە سەلاحەدین موصل هەولێر دەگرێتەوە . ئەم پرسە پێشتر لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە چارەسەرکرابوو بەمادەی (٥٨) لەو قانونە . دواتر لەبەر جێبەجێنەبوونی ، لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بوو بە مادەی (١٤٠) ی دەستووری .

ئەم ناوچانە لەبنەڕەتدا کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان کورد بوون بەدرێژایی دەیان ساڵەی رابردوو کارلەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیان کراوە لەپرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچەکە و بەزۆرگۆڕینی ناسنامەکەیان و دابڕینیان لە ناوچە کوردنشینەکانی تر لە کوردستانی عێراق . ئێستا ناوچەکان لەبەرەنجامی کەڵەکە بوونی کێشەکانیان وەك بۆمبایەکی تەوقیتکراویان لێهاتووە و ئەگەری پێشێلکاری و تیرۆر و هەتا جەنگی نەژادی لەنێوان (کورد عەرەب ، کورد تورکمان ، عەرەب- تورکمان) لەهەر کات لەئارادایە .

لەم لێکۆڵینەوە مەیدانیەدا ، ناحیەکانی(جەلەولا و سەعدیە) لە قەزای خانەقین ، بە نمونە وەردەگرین بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵنەوەکە . ئەمەش لەبەر ٣ هۆکار :

١- خانەقین - جەلەولا و سەعدیە ناوچەیەکی مەترسیدار و ئاڵۆزکاو و نائارامە و پێشێلکاری خەتەرناکی تێدا ئەنجامدەدرێت .

٢- هێڵی تەماسی نێوان هەریمە کوردیەکان لەگەڵ عەرەبیەکانە .

٣- زیاتر لە دوو پێکهاتەی تێدایە ناوچەکە . واتە پێکهاتوە لەکورد- عەرەب تورکمان شیعە سوننە ..هتد.

بەمەش ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانێت وێنەیەکی تارادەیەك سەتاپاگیرمان بداتێ لەسەر ڕەوشی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان .

(ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) بەمەستی ڕووماڵکردنی ڕەوشی ناوچەکە و بەراپۆرت کردنی هەموو ئەو پێشلکاری و تیرۆر و کێشانەی ڕوویان داوە ... و لەپێناو هاندانی چارەسەر بەیەکجاری ، هەڵسا بەئامادەکردنی ئەم راپۆرتە مەیدانیە ، لەماوەی ١٥-٨ تا ١٥-٩-٢٠١١ ، کە لە ڕێگای تیمێکی تایبەتەوە سەردانی سەرجەم ناوچەکانی (خانەقین ،جەلەولا-سەعدیە)ی کردوە و چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و هاوڵاتیان و کەس و کاری قوربانیان ئەنجامداوە و لەچەندین ڕوەوە لە بارودۆخی ناوچەکەی کۆڵیوەتەوە .

ئومێدوارە کە ئەم راپۆرتە وێنەیەکی تارادەیەك ڕۆشن لە واقعی دژواری ناوچەکانی (KIHR) خانەقین ،جەلەلا-سەعدیە)بخاتە بەرچاو و بەدوای خۆیدا زانیاریەکانی ببێتە هۆی کاراکردنی هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ چارەسەری کێشەکان لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ی دەستووری عێراقدا.

ڕووپێوێکی گشتی واقعی ناوچەکە

قوربانی ناسنامە و قەیرانی میژوو و جوگرافیا

پارێزگای دیاله له پێنج قەزاو ١٨ هەژده ناحیه پێکهاتووه، بەپێی قسەی بەرپرسانی ناوچەکه ژمارەی دانیشتوانەکەی یەك ملیۆنو پێنج سەد هەزار کەسه، له ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیش ئەو رێژەیه جێگرکراوه، بۆیه تەنها پانزه نوێنەری هەیه له پەرلەمانی عێراق، لەوەتەی دەوڵەت عێراق دروستکراوه هەمیشه ئەم سنووره جێگەی ناکۆکی و مشتومڕی گەرمو ململانێیەکی بەردەوام بووه، تا هەنووکه چەندین جاری ناوگۆڕینی بەخۆیەوه بینیوه، بەتایبەت سەعدییه(قزڕەبات، قزراباد، خزرەوات). بەلاّم له ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا ململانێیەکی خوێناوی و تاقەتپروکێنی بەخۆیەوه بینیوه.

پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچه کوردنشیەکەی سنووری پارێزگای دیاله له رووی نەتەوەییەوه له کوردو عەرەبو تورکمان پێکهاتووه، له رووی مەزهەبیشەوه له سوونەنەو شیعەو له کۆنیشدا کاکەییو مەسیحیشی تیابووه، هەرچەند هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی ناوچەکه بەتایبەتو عێراق بەگشتی هیچ جورە ئاماریّکی فەرمی لەبەردەستدا نییه، بەلاّم له ئێستادا رێژەی دانیشتوانەکەی هەردوو ناحیەی سەعدییەو جلەولا زۆرینەی عەرەبەو زۆرینەی هەرەزۆریشی عەرەبی سوونەن، هۆکاری کەمی رێژەی کوردیش لەبەرامبەردا ئەو ترسو تۆقاندنەیه که رووبەرووی کوردەکانی ئەوێ دەبێتەوه، هەرچەند لەناو هەر دوو شارۆچکه بەدەر له گوند نیشینەکان ئەو رێژەیه کەمتر دەکات. بەلاّم قەزای خانەقینو گوندەکانی دەوروبەری کورد تیایاندا زۆرینەی رەهایه، ئەو کەمینه عەرەبەش که لەوێ نیشتەجێن تارادەیەك عەرەبی رەسەنی ناوچەکەن.

هاوکات ئەنجامی هەلّبژاردنەکانو رێژەی دەنگداران شتێکی ترمان پێدەلّێن، له هەلّبژاردنی خولی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کورد ئەوکات له کۆی ٤١ چلو یەك کورسی حەوت کورسی بەدەست هێنا، له هەلّبژاردنی ئەم خولەی ئێستاشدا لەکۆی ٢٩ بیستو نۆ کورسی کورد شەش کورسی بەدەستهێناوه، هەردوو خولەکەش کورد سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی کردووه. کەچی له

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا کوردەکانی ئەو ناوچەیە توانیان تەنها یەك نوێنەری خۆیان بنێرنە بەغدا، کەبە بڕوای چاودێران ئەمەیان هۆکارێکە بۆئەوەی بە ئاسانی دەنگی کورد لە بەغدا نەبیسترێت.

ئیبراهیم باجەلآن نووسەرو رۆژنامەنووسی ئاگادار لە کێشەو گرفتو مێژووی ناوچەکە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "سەرەتای هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە بەمەستی ئاژەڵداری بوو، بەڵآم دواتر نارنی عەرەبی هاوردە لەسەردەمی بەعسدا بەمانای تێکدانی دیموگرافیای ناوچەکە لە پاش چوونەسەر حوکمیان بوو لە ساڵی ١٩٦٨"، هاتنو دەستوەردانو بەعەرەبکردنی بەعس تەنها کاریگەری لەسەر دیموگرافیای ناوچەکە نەکرد، بەڵکو سیماو ناونیشانو هەموو سیمبولەکانی کوردایەتی تێکدا "لە دوای ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەیەکی خەست بەرنامە بۆ دارێژراو کاری لەسەر کراو، گۆڕینی ناوەکەشی بۆ ئەو مەبەستە بوو".

بەلای دانیشتوانو چاودێرانی ناوچەکەوە ئەوەی بەعس کردی هێشتا بە ئەندازەی ئەوەی ئەم سەردەمە نییە، کاریگەری و جێکەوتەکانی لەچاو بەعەرەبکردنەکەی بەعسدا زۆر زیاترو گەورەترە، زۆربەی ئەو هاوڵاتیانەی چاوپێکەتنمان لەگەڵدا دەکردن پێیان دەوتین " لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقو لەساڵی ٢٠٠٣ەوە پرۆسەی بەعەرەبکردن بەشێوەیەکی ترسناك دەستی پێکرد، ئەوەی بەعس بۆی جێبەجێنەکرا ئەمان کردیان، چونکە هەرکۆنە بەعسییەکانن ئەو کارەدەکەن".

جوگرافیا

پارێزگای دیالە دەکەوێتە باکوری رۆژهەلآتی بەغداوەو ٥٧ کم چوار گۆشە لێیەوە دوورە، رووبەری خاکەکەی (١٧٦٨٥) حەڤدە هەزارو شەش سەدو هەشتاو پێنج کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، دەکوێتە

نێوان هێڵی پانی ٤٤و٤٦ هێڵی درێژی ٣٤و٣٦، ناوەندی پارێزگاکەی بەعقووبەیە، لە کۆی ئەو پێنج قەزاو ١٦ شانزە ناحیەیەی پارێزگاکە هەموویان کوردیان تیایە، بەڵام یەك قەزا (خانەقین)، چوار ناحیەیان (سەعدیە، جەلەولا، جەبارە، قەرەتەپە)کوردین لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێن، زۆرترین کێشەو گرفتی کوردەکان لە هەردوو ناحیەی جەلەولاو سەعدییەن، هەرچەند ناحیەکانی (جەبارە، قەرەتەپە) لە کێشە بەدەرنیین، بەڵام کەمتر لەوان کێشەیان هەیە.

جەلەولا تەنها چل و پێنج خولەك دەکەوێتە خواروی کەلار و پانزە خولەکیش دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای خانەقینەوە . سەعدیەش بەنیو کاتژمێر دەکەوێتە خواروی جەلەولاوە. ئەگەر چی هەردوو شارۆچکەکە ئەوەندەی عەرەب کوردیان تیا نییە، بەتایبەت کورد لە جەلەولا دانیشتوانە عەرەبەکەی کەمترە، سەعدیەش لەناو خودی شارۆچکەکە لە ڕێژەی کورد لەعەرەب ئەگەر کەمتر نەبێت زیاتر نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەری ناحیەکانیان و ئیدارەی هەندێك لە فەرمانگەکانیان بەدەست کوردەوەن. هەردوو ناحیەکەش سەر بە پارێزگای دیالەن نەك سلێمانی. "کێشەکەش لەوێوە سەر هەڵدەدا کە کاربەدەستانی دیالە نایانەوێت خزمەتی ئەو ناوچانە بکەن کە کورد لەهەوڵی گەرانەوەیاندایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ".

دانیشتوانی کوردی سەعدیە و جەلەولا بەئاسانی ناتوانن لەسەرمالّو حالّی خۆیان دانیشن، مەگەر ئەوانەی سەربە حزبێکی سیاسی یان لە سلکی سەربازی، یان پۆلیسدا کاربکەن، ئەمەش وایکردووە بەردەوام هەموو ژیانیان ببێتە پاسەوانی کردن، جارێك لە گیانی خۆیان لەمالّی خۆیاندا، کەدەچنەوە کارو دەوامی فەرمیش پاسەوانی کردنی گیانی ئەوانی تری، بۆیە ژیانی گەنجان بەتایبەتی خەریکە لە پاسەوانیدا کۆتایی پێدێت . هۆکارەکەشی ئەو نائارامی بارگرژییەیە کە ناوچەکەی گرتۆتەوە، لەکاتێکدا گوزرەانی خەلّکو دانیشتوانەکەی تری لە ڕووی ئەمنییەوە هەندێك جار لەکورد باشترو خۆشتر نییە، زۆری عەرەبی ناوچەکەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت

کەلارو کفریو دەوروبەری گەرمیان بەلگەیەکی زیندووە لەسەر قورسیو ناڕەحەتیو ئالۆزی ژیان لە سنووری پارێزگای دیالە." ئەوان لەهەر کوێیەك بن پاسەوانن، هیچ جیاوازی بۆ ئەوان نیە لەماڵ بن یان واجب و ڕاپەڕاندنی کار چونکە ئەوان هەمیشە بە ووریایی و دڵە ڕاوکێوە هەڵسوکەوت وهاتوچۆ دەکەن".

زۆربوونی چەکدارە توندڕەوەکان و زیادکردنی کارە تیرۆرستیەکانیان مایەی ئاوڕدانەوەی بەرپرسانی ئەو سنورەیە لە دیاردەی چەکداری کە بەردەوام لە پەیوەندی و هەوڵی چڕپڕدان بۆ بنە بڕکردنی ئەو گروپانە.

کورد لە هەردوو ناحیەی جەلەولا و سەعدیە زۆرترین قوربانی داوە لەئەنجامی لەو کارە تیرۆستی و کردەوە خۆکوژیانەی دەستی گروپە چەکدارەکان ، و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش جگەلە موچەیەکی شەهیدانە زیاتر هیچی بۆنەکردوون".

شێخ ئەحمەد ڕزگوشی بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە لەعەشیرەتی زڕکۆشی لە نەتەوەی کوردەو دانیشتوی سەعدیەیە، هەمان ڕای هەیە کە پرۆسە سەربازییەکان سەرجەم تیرۆستەکانی لەدەوروبەری ناحیەکەی ئەو کۆکردۆتەوە،"ئەو سوپایەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو سنورە بەر فراوانە دانراوە زۆر کەمە"، ئەو بەڕێوەبەری ناحیەیە لەبارەی ڕۆڵی کوردەوە دەڵێت "لێرە کورد ڕۆڵێکی ئەو تۆی نییە، تەنها سوپای عێراقی هێزەکانی هاوپەیمانانن ئیتر حکومەتی مەرکەزی ڕۆڵی بەکەس نەداوە". ئەو بۆ دەربازبوون لە قەیرانی نەبوونی ئەمن و ئاسایش پێشنیاری ئەوەدەکات کە سەرجەم لایەنەکان یەکبگرن "ئەگەر سەرجەم لایەنەکان نەکەونە سەر یەك و پاڵپشتی یەکتری نەکەن بنەبڕ ناکرێت".

بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە دان بەوەدا دەنێت دانیشتوانی دەوروبەری ناحیەکەی هەموو عەرەبن، بەلاّم ناو مەرکەزی ناحیەکەی ژمارەی کورد زیاترە هەئەمەش وایکردووە ژمارەی قوربانیانی عەشیرەتەکەی زۆر بێت، ئەو بەلایەوە برینی زامی عەشیرەت و خزمەکانی هێشتا بەسۆیە کە تەنها لە خزمانی دەوروبەرەکەی چونکە"٢٤٠ کەس کوردی ئەو ناوچەیە کوژراون و زۆربەیان زرگوشین و بریکیشیان تائێستا موچەیان بۆ دابین نەکراوە"، بەلاّم کیشەی تیرۆر لای ئەوانە ئەوەیە "تیرۆرستان دێن کارێکی تیرۆرستی و تێکدەرانە دەکەن و هەلّدێن، نەوەکو ناوچەکانی تری عێراق شوێنیان دیار بێت".

کێ قوربانییە؟

لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراق هەموو نەتەوەکانی سنووری پارێزگای دیالە بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ بەرهەڵستی دەسەڵاتی تازەی عێراقو ئەمەریکا نەبوون، دواتریش بە شێوەیەکی سەرەکی کرانە ئامانجی هەموو هێرشو تەقینەوە خۆکوژییەکانو رفاندنەکان.

سەرەڕای چۆڵبوونی چەندین گوندی کوردی ناوچەکە لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە تاکو ئێستا زیاتر لە (٥٥٥) پێنجسەدو پەنجاو پێنج کەس کوژراون، کە (٤٨٠) چوارسەدەو هەشتا کەسیان کوردن، (١٧٦) لە سەعدیەو نزیکەی (١٨٩) کەسیان لە جەلەولاو ئەویتریان لە مەندەلی. زۆرینەی ئەوانەش کە تیرۆر کراونو بوونەتە قوربانی ئەوانەن کە پەیوەندییان لەگەڵ حزبە کوردییەکاندا هەبووە.

کەواتە وەك چۆن لەرابردودا کورد قوربانی بووە و ئیستاش هەر کورد قوربانیە لەو ناوچانە.



(وینەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە)

زۆرێك له هاوڵاتیانی کورد ئاماژه بۆ ئەوه دەکەن که سەرەڕای زۆری هێزی چەکدار لەناوچەکه ، هۆکاری بونی ئەو گروپانه و نەبوونی ئەمن و ئاسایش بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که "ئەوەی هەیه لەو هێزه رەسمیانه ئەوەنده دڵسۆز نین، ئەوانەش زۆربەیان عەرەبن ،بەدڵ لەگەڵمان نین ".

(غەفور ئیبراهیم) عەرەبێکی تەمەن ٥٠ ساڵی دانیشتوی شارۆچکەی سەعدیه لەلایەن یەکێك له حیزبه کوردیەکانەوه موچەیەکی بۆ دابینکراوه، ئەو وا دەزانێت "هێزی کوردی ئەگەر هاوپەیمانانو حکومەتی مەرکەزی لێگەڕێن ئەوا دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیه بکەن " ، بەڵام به هیچ شێوەیەك ئاماده نییه باس لەوه بکات که بۆچی هاوپەیمانان و حکومەتی مەرکەزی ڕێگه هێزی پێشمەرگه بدەن لەو سنوره چالاکییەکانیان ئەنجامبدەن. غەفور باسی لەوەشکرد که ئەوان هیچ دەسەلاتێکیان نیه لەوەی که ئەو تیرۆرستانه دێن و گوندەکانی ئەوان دەکەنه مۆلگەو حەشارگەی خۆیان، ئەو عەرەبانەش که ئێستا هاوکاری کۆنه بەعسی یەکانن، بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین سازش بکەن، گفتوگۆ بکەن لەگەڵ حکومەتدا، ئەوەی ئەوانه داوای دەکەن تەنها گەڕانەوه دەسەلاّت هەژمونی بەعس و هاوشێوه و هاوڕێبازەکانیانه، گروپی قاعیده و سوپای دەوڵەتی ئیسلامی عیراقی. ئەو باس لەوەش دەکات بەهیچ شێوەیەك ناوێرن باسی ئەوەش بکەن که مووچەیان له حکومەتی هەرێمەوه هەیه، چونکه وەك خۆی دانی پیادانێت که تەنها باسکردنی ئەوەی یارمەتی له هەریم وەردەگرن بەسه بۆ ئەوەی کۆتایی بەژیانی بێنن.

هەندێك بەرپرسی کوردو چاودێری سیاسیش عەرەبی ناوچەکه بەتاوانبار دەزانن لەوەی که "زۆربەی کورِی ئەو ماڵه عەرەبانه تیرۆرستن و هاوکاری تیرۆر دەکەن، چەندین گوند هەیه که شوێنی ئەو گروپانەیه، ناو سەعدیەش لەبەر ئەوەی باغ و دارستانه بەئاسانی دەتوانن بێنه ناو شارەکەوه".

زۆرێك لەو كوردانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بەئاسانی ناتوانن ژیانی خۆیان بگوزەرێنن، ڕۆژانە ڕووبەڕووی كوشتن و ڕفاندن و كاری تیرۆرستی دەبنەوە، جگە لەمەش ئەو ناوچانە بۆتە جێگەی مملانێی گروپە تیرۆرستیەكان و مۆلگەی ئەو گروپانە.

ڕۆژانەو لەپاڵ ئەوەشدا كێشەی كورد چەندین كێشەی تری دێتە سەر بەتایبەت لە ناحیەكانی جەلەولاو سەعدییە، لە كاتێكدا لە سەعدییە خوێندنی كوردی نییە، لە جەلەولاش تەنها لە نەبوون باشترە، بارو دۆخی ئەمنی ناوچەكە وایكردووە لە كۆی شەش خوێندنگەی كوردی ئەمساڵ تەنها چواریان ماوەتەوە، بێگومان ساڵ بە ساڵ قوتابی خویندنی كوردیش كەم دەكات. مەترسی داخستنی ئەو چەند قوتابخانەیەش لە ئارادایە!

کێشە سەرەکیەکانی ناوچەکە

دوای هەوڵ و بەدواچونی زۆر لەسەر رەوشی ناوچەکە دەتوانین ئاوا باسی کێشە سەرەکییەکانی ناوچەکە بکەین بەخاڵ :

١- کێشەی جێبەجێنەبوونی مادەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق و بەهەڵواسراوی مانەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە .

٢- کێشەکانی ئەو سنوورە تەنها لە نێوان کوردو عەرەبدا نین، بەڵکو لەو ناوچانەی هەمووی عەرەبن یان زۆرینەیان عەرەبن، کێشەی مەزهەبیو تایەفی هەیە، وەك کێشەی نێوان سوونەو شیعە، تەنانەت لە نێوان لایەنگرانی یەك مەزهەبیش کێشەی جیاوازی بۆچوونو لایەنی سیاسیو بزوتنەوە ئایینیو مەزهەبییەکاندا هەیە لە نمونەی لایەنەکانی شیعە.

٣- کوشتن و تیرۆر و رفاندن و تۆقاندنی هاوڵاتیان بەتایبەت کوردەکان.

٤- بێدەنگی سوپا و لایەنگری بۆ گروپە تیرۆرسیتەکان.

٥- هاوکاری بەشێك لە عەرەبە هاوردەکان بۆ تیرۆرستەکان .

٦- سستیو خراپی خزمەتگوزاری حکومەتی مەرکەزی بەغداو بێتوانایی خزمەتگوزاری خودی پارێزگاکە و بێباکی بەرامبەر داوای هاوڵاتیان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

٧- نەبوونی لێپێچینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانەی لە سنوورەکە جێبەجێ دەکرێن.

٨- گرژی پەیوەندی نیوان پارێزگای دیالە و ئیدرەی ئەو دەڤەرە بەتایبەت کە سنووری ناوچە کوردییەکان لەلایەن حکومەتی هەریمی کوردستانەوە بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی وەك قەواو ناحییەکان دانراون، یارمەتی مادی و مەعنەوی دەدرێن.

٩- نەبوونی ئارامیو ئاسایش لای خەڵك، بەتایبەت کوردەکانی هەردوو ناحیەی سەعدیەو جەلەولا.

١٠- ئەگەری رودانی جەنگی میللی تایەفی نەژادی .

١١- کێشەکانی مولکدارێتی، لەنێوان هاوڵاتیان بەتایبەت لەنێوان ئەو کوردانەی لەسەر خاك و ئاوی خۆیانو باوباپیریان دەرکراونو ئەو عەرەبانەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە هێنراونەتە ناوچەکە.

١٢- نەبوونی یاسایەك چارەسەری ئەو کێشانە بەگشتی بکات.

١٣- نەبوونی دەسەلاتێکی بەهێزو بێلایەنی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان.

١٤- سەربەخۆ نەبوونو لاوازی دەسەلاتی دادوەری لە سنوورەکە.

١٥- بەکارهێنانی هێزی حکومەتو داموزدەگاکانی سوپاو پۆلیس بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسیو یەکلاکردنەوەی کێشەی کەسیو عەشیرەتی و تایەفی.

١٦- کێشەی پەروەدەو فێرکردن بەتایبەتی فەرامۆشکراوی خویندنی کوردی لەناوچە کوردنیشنەکان.

١٧- گرفتی بێکاری و خراپی باری گوزرانی خەڵك بەگشتیو لاوان بەتایبەتی کە زۆرینەیانی کردۆتە نێچیری دەستی تیرۆرستان و خزاونەتە بەندیخانەکانەوە.

١٨- **گرفتی خێزانی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی ئەو ڕەشبگیرییەی لە سنووری پارێزگاکەدا هەیە، ئەوەندەی کە بەئاشکرا لە بەندیخانەکاندا تۆمارکراون، زیاتر لە پێنج هەزار پیاویان تا نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ لە بەندیخانەکاندا بوون، کە بەبێ دادگایکردن ماونەتەوە.**



(دیمەنێك لە ژیانی ئاسایی دانیشتوانی جەلەولا کە کۆنی ئۆتۆمبیل و خانوو و ڕێگاکان دەردەخات)

هۆکار چیە ؟

هەموو ئەو کەسانەی ئەو کارە تیرۆرستیو رفاندنو تۆقاندنە دەکەن، هێشتا مەبەستو ئامانجێکی مادیی ئەو تۆیان بەکەس نەوتووە، "چونکە هەرکەسیك دەستیان دەکەوێت یەکسەر دەیکوژنو دواتر تەرمەکەی دەدەنەوە. کاتێکیش تەرمەکەی دەدەنەوە هەرەشە لە خاوەنەکەی دەکەن، تا کارگەیشتۆتە ئەوەی هەندێك لە خاوەنی قوربانییەکان ناتوانن خۆیان بکەنە خاوەنی تەرمەکان"، (شێخ ئەحمەد زرگۆشی) لەو بارەوە دەڵێت "مەسەلەکە سیاسییەو تیرۆرستان ئەو دەرفەتو بۆشاییە ئەمنیەیان قۆستۆتەوە".

هەرەیەکە لە ئیبراهیم باجەلانی رۆژنامەنوس و حەسەن جیهاد ئەندامی پەرلەمانی عێراق "چۆڵ کردنی ناوچەکە لە کوردو سرینەوەی ئاسەواری کوردایەتی لە سنوورەکە" بەتەنها مەبەست لە پشتی ئەم بابەتەوە دەبینن، کە تیرۆرستان پێی هەڵدەستن.

دەکرێت بە ووردی پەنجە بخەینە سەر چەند هۆکارێکی سەرەکی کێشەکان:

١- دەمارگیری نەتەوەیی و ستەمی حکومەتەکانی رابردوو، رەخساندنی دەرفەتی تۆڵەسەندنەوەو وەرگتنەوەی مافەکان بەشێوەی نایاسایی لە ئێستادا.

٢- لاوازی حکومەتی فیدرالی عێراق لە بەغدا.

٣- پشتگوێ خستنو بەربەست دروستکردن بۆ چارەسەرەکان لەلایەن ئەو کۆنە بەعسییانەی تا ئێستا لە بڕگەو جومگەکانی حکومەتو ئەنجومەنەکاندا ماون.

٤- کەمی نوێنەرانی کوردی ناوچەکە لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، نەبوونی کەسانی دڵسۆز بەناوچەکە لە حکومەتو دەسەلاتی جێبەجێکردن.

٥- جێبەجێنەبوونی مادەی ١٤٠.

٦- لاوازی دەزگا خزمەتگوزتریەکان و ئیداریەکان.

٧- دزە کردنی گروپە تیرۆرستیو توندڕەوەکانی سەرجەم نەتەوەو مەزهەبەکان بۆناو دامودەزگانی سوپاو پۆلیسو هەواڵگری.....هتد؟

٨- لاوازی بێدەسەڵانی دادگاو بێلایەن نەبوونو کۆنترۆڵکردنی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە.

٩- هۆکاری کێشەکانی پەروەردە ئەوەیە کە پەروەردە ئەو سنوورە لە رووی ئیدارییەوە سەربە دیالەو حکومەتی مەرکەزە، کوردەکانیش کەلە قوتابخانە کوردییەکاندا دەخوێنن، نەلە زانکۆ کوردییەکان وەردەگیرێن، نەدەشتوانن بە زمانی عەرەبی بخوێنن.

١٠- کەمتەرخەمی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لەچارەسەر نەکردنی گرفتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەگەڵ ناوەند لەهەموو رویەکەوە .

هەڵوێستی دژ بەیەك !

لەنێو پەرلەمانتارانی عێراقیدا سەبارەت بە ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سنووری پارێزگای دیالە بەگشتی و هەردوو ناحیەی جەلەولاو سەعدییە هەڵوێستی جیاوازو لێدوانی پێچەوانە و دژ بەیەك هەیە.

پەرلەمانتاریکی سەر بە کوتلەی ئەحرار(حسن هەمام) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند جارێك پێشمەرگەی ڕەوانەی سنووری پارێزگای دیالە کردووە، ئەمەش بەلای ئەوەوە پێشێلکاری دەستووری هەمیشەیی عێراقە . ئەو جەختیشی لەوە کردەوە کە دەستێوەردانەکانی هەرێم لەو سنوورانە ناکۆکی نێوان بەغداو هەولێردا دێنێتە ئاراوە، لە کاتێکدا کە ناکۆکییەکان لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر نەکراوە.

حەسەن جیهاد ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو لێدوانانەی لەو بارەوە دەدرێن لایان نامۆ نییە، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەرچی ئەوان هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن بارودۆخی ناوچەکە بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانی عێراق ڕوون بکەنەوە، دان بەوەشدا دەنێت ئەوانەی ئەجۆرە هەڵوێستە خراپەیان هەیە بەرامبەر بە کوردو هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە ئەوانەن "ڕاستی خراپی باری ئەمنی سنوورەکە نازانن، یان یان شۆڤێنو حەزیان لەوەیە کورد لەو ناوچەیە نەمێنێت، هەندێکیشیان زۆر درۆ دەکەن، دەڵێن کورد لەو ناوچەیە دەرنەکراوە"، بەلای ئەو پەرلەمانتارە کوردەوە ئەمەش "ئەمەش شۆڤێنییەتێکی کوێرانەیە کەبەر لە سی ساڵ لەبەرامبەر کورددا پیادەکراوە، ئێستاش دەیکەن"، ئەو پێداگری دەکات کە دەبێت پێشمەرگە بچێتە ئەو ناوچەیە، لە هەمانکاتدا بڕواشی وایەو پێداگریش دەکات "ئەگەر ئەم بابەتە ببڕێتە پەرلەمان بڵێین پێشمەرگە دێنین، ئەوا خەڵکانیك هەن ناهێڵن ئەم بابەتە بە ئاسانی تێپەڕێت"، ئەندامەکە کوردەکەی پەرلەمانی عێراق تۆپەکە دەخاتە گۆڕەپانی دەسەلاتی جێبەجێکردنو دەڵێت "دەبێت

دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بەغدا ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن"، ئەو ئەندامانی لیستی ئەلعێراقیە بە سەرسەختترین رکابەری ئەم بابەتە دەزانێت، لەگەڵ خەڵکانی تردا دژایەتی هاتنی پێشمەرگە بکەن.

لاوازی سوپا

ئەوکاتەی ئەو سنوورە لە بەعس پاککرایەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تایبەتی چەکدارەکانی یەکێتیو پارتی لەسنووری مادەی (١٤٠)ی دەستووری جێگیرکران، بەڵام پاش ماوەیەك بەچەندین بیانوو ئەو هێزانە پاشەکشە پێکرانو سوپای عێراقی پاراستنی ئەمنو ئاسایشی ناوچەکەی گرتەدەست، بەبڕوای چاودێران لەو کاتەوە گلۆڵەی تاکی کوردو لایەنگرانی حزبە کوردییەکان کەوتە لێژی.

زۆر لەهاوڵاتیانی کورد بە سەرسوڕمانەوە دەڕوانینە هەڵسوکەوتو مامەڵەی سوپای عێراقی لەو سنوورەدا، بۆیە وەك کورد بۆ مانەوەی بوونی کورد جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە بە پێویست دەزانن تا رادەی یەکێك دەڵێ "رەنگە ناحەق نەبێت ئەگەر بڵێم جۆرە رێکەوتنێك هەیە لە نێوان سوپای عێراقیو چەکدارە تیرۆرستەکاندا".

بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدییەش کە خۆیو کاروانو پاسەوانو ماڵەکەی چەندین جار بە هێرشی تیرۆرستی کەوتوون، بە نیگەرانییەوە ئەو پرسیارە دەکات "بۆچی کەس موحاسەبەی سوپا ناکات، لە کاتێکدا دە فەوجی سوپا لە شارۆچکەیەکی بچوکی وەك سەعدییەدا هەیە، بە ئاسانی دەتوانێت ئاسایشی بپارێزیت؟".

حەسەن جیهاد باس لەوە دەکات زۆرجار کردەوە تیرۆرستییەکان لە نزیکترین هێڵی نزیك لە سوپاوە ئەنجام دەدرێن "دواترین قوربانی دەستی تیرۆر بەرپرسێکی حزبی یەکێتی بوو، سی مەتر لە سوپاوە نزیکبووە، تیرۆرکراوە، ماوەیەکیش نەیانهێشتووە کەسوکارەکەی بچێتەسەری!!".

جیهاد ئەمین ئەوەشی راگەیاند ئەوان سەرۆکی عەلەملیاتو سەرۆکی پۆلیسی دیالەیان بانگ کردۆتە لێژنەی ئەمنو دیفاعی پەرلەمانو پێیان وتوون "ئێوە هیچ جورئەتێك ناکەن، زۆر ترسنۆکن، خەڵك زانیاریتان دەداتێ، ئێوە زانیارییەکان دەدەنە تیرۆرستان، ئێوە تەنها پەیکەرێکن لەناو شاردا".

سەبارەت هەڵوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق حەسەن جیهاد ئەوەی خستەڕوو کە ئوسامە نوجەیفی وتوویەتی "داوام لە سەرۆك وەزیران، دوبارەش داوای لێدەکەم جارێکی تری پیاچوونەوەیەك بە پلانی ئەمنی خۆیان بخشێننەوەو گرنگییەك بەوناوچەیە بدەن".

دەرەنجامی کێشەکان

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانیەدا بۆمان دەرکەوت کە لە حاڵەتی بەردەوامێتی رەوشی دژواری ئێستای ناوچە دابراوەکان ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامە نێگەتیڤانەی خوارەوە :

١- کێشەی کورد لەکوردستانی عێراق چارەسەر نابێت بەشێوەیەکی دەستووری .

٢- کورد وەك قوربانی سەرەکی و سەرەتا و کۆتایی دەمێنێتەوە .

٣- چارەنوسی ئەو ناوچانە بەهەڵواسراوەیی دەمێنێتەوە بەمەش دایشتوانەکان لە دڵە راوکێ و بێمتمانەیی و فەراموۆش بوون لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم دەمێننەوە .

٤- ئەم رەوشە تەمومژاویە گەر بەردەوام بێت وەك ژینگەیەکی گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی چەکدارە تیرۆرستەکان .

٥- ئەم رەوشە دژوارە گەر بەردەوام بێت بوار دەرەخسێنێت بۆ دەستێوەردانی زیاتری دەوڵەتانی دەرەوە لەکار و باری ناوخۆی عێراق .

٦- رەوشی ناوچە دابراوەکان بە بەردەوامی ئەگەری تەقینەوەی هەیە و وەك بۆمبایەکی تەوقیتکراو وایە لەنێوان هەموو پێکهاتە نەژادی و ئاینی و ئاینزاییەکانی .

٧- لەبەردەوامی ئەم رەوشە سەختەدا لەبری ململانێی دیموکراسیانە و سپی ، هێز و لایەن و گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان ، بەردەوام دەبن لەململانێی خوێناوی و دواکەوتوانە ...بەمەش لەحاڵەتێکی لەناکاوی بەردەوامدا دەمێنێتەوە .

٨- ئەگەر مادەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت لە کەمترین ماوەدا و ئەو رەوشە دژوارە چارەسەر نەکرێت ئەوا ناوچەکان لە پەرەپێدانی نیشتمانی دادەبڕێن و بەو دواکەتوویە سەراپاگیرە دەمێننەوە .



(بارەگایەکی هێزی پێشمەرگە کە چاودێری ناوچەکە دەکەن)

کورد جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە بەچارەسەرو سەنگی مەحەکی ئاسایشی ناوچەکە دەزانێت، لەو بارەوە دەڵێن "دەبێت ئێمە مکوڕ بین لەسەر ئەوەی بچینە ئەو شوێنانە، بەبێ ئەوە هێمنی‌و ئارامی ناگەڕێتەوە بۆ سنوورەکە، ئەوکات کورد بەتەواوی متمانەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، کارەساتیشە ئەگەر کورد نەگەڕێتەوە، چونکە خەریکە چۆڵ دەبێت".

بەڵام هەندێ لایەنی عەرەبی و لیستی عێراقیە ئەوە رەتدەکەنەوە .

لەبەرامبەریشدا محەمەد عەسکەری وتەبێژی وەزارەتی بەرگری لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا باسی لەوەکرد ئەو بابەتە ئەوەندە ئاڵۆزو قورس نییە حکومەتی عێراق‌و وەزارەتی بەرگری‌و ناوخۆ نەتوانن چارەسەری بکات‌و ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد دەتوانرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکرێت چارەسەر بکرێت.



(هێزێکی پێشمەرگە لەکاتی گەران بەدوای چەکدارە تیرۆرستەکاندا)

- راستاردة بؤ ضارةسةر :

لە کۆتایدا چەند راسپاردەیەك دەخەینە روو بە هیوای ئەوەی ببێتە سەرەتایەك بۆ چارەسەری ریشەیی ئەو رەوشە نالەبارە بەردەوامە کە بەدڵنیاییەوە قوربانی سەرەکی و سەرەتا و کۆتایی هاوڵاتیانی سڤیلن :-

١- پەلە بکرێت هەرچی زووە مادەی (١٤٠) ی دەستووری عێراق جێبەجێبکرێت .

٢- کاراکردنی لیژنەی پێکهاتوەکانی تایبەت بە کێشەکانی ئەو ناوچانە لە عێراق و کوردستان .

٣- پێویستە جگە لەبودجەی مادەی ١٤٠ بودجەیەکی تایبەت بەئاوەدان کردنەوە و پەرەپێدانی ئەو ناوچانە لەبودجەی گشتی عێراق دابینبکرێت .

٤- پێویستە هەم کۆمپانیاکان و هەم رێکخراوە مەدەنیەکان هانبدرێن تا رووبکەنە ئەو ناوچانە و کار لەسەر پرسەکانی بکەن .

٥- پێویستە هێزی پێشمەرگە بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق و هاوپەیمانان لەو ناوچانە جێگیر بکرێن .

٦- پێویستە هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکان کار لەسەر ئەوە بکەن کە برایەتی و پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکان بپارێزن و هەر کێشەیەکیش بێت پێویستە لەدادگا چارەسەر بکرێت و هەر گۆرانێکیش ببێت پێویستە ئاشتی خوازانە بێت .

ئەگەر ئەم راسپاردانە رەچاونەکرێن و چارەیەکی ریشەیی ئەو قەیرانە نەکرێت ئەوا کورد وەك قوربانیەکی بەردەوام دەمێنێ و قەیرانی ناوچەکەش وەك بۆمبایەکی تەوقیت کراو هەرکات ئەگەری تەقینەوەیەکی وێرانکاری هەیە .

ئێمە لە (ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەو پێشێلکاریە خەتەرناکانە دەکەین کە دژ بەمافەکانی مرۆڤ رویانداوە لەماوەی رابردوودا لەوناوچانە ، وە ئەوە بیر هەموو لایەك دێنینەوە کە توندوتیژی تەنها توندوتیژی بەرهەمدێنێ . بۆیە تەنها رێگا بۆ ئارامی و ئاسایش و پەرەپێدان رێزگرتنە لە مافی ئەوانی دی چ تاك و چ کۆ کە ئەمەش لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دا خۆی دەبینێتەوە. لەحاڵەتی رودانی هەر قەیران و کێشەیەکی نەخوازراویشدا ئەوا رێگای یاسا و دایەلۆگ و دیبلۆماسیەت و چارەسەری سیاسی دادپەروەرانە ، رێگای دروست و گونجاون بۆ تێپەراندنی قەیرانەکان و چارەکردنی ریشەیی کێشەکان ، نەك زمانی چەك و هەوڵی یەکترسرینەوە .

سەرنج :

بۆ زانیاری و سەرنج و گەیاندنی پێشێلکاریەکان لە پێناو نەهێشتنیان و رێگە گرتن لەدووبارە بوونەوەیان لەرێگەی بەرا پۆرت کردنیان ...تکایە پەیوەندی بکەن بەم ئەدرێسانەوە :

ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (KIHR)

ئۆفیسی گشتی : هەولێر/ئەندازیاران/ شەقامی سمکۆ مەنتك

ژ.تەلەفۆن : ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٣٦٢٢٥

ژ.مۆبایل : ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٢٧٢٢٢٩

ئیمەیل : kihr2005@yahoo.com

www.mrovsalary.com